## کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگـانی کومیتـەی نـاوەندی کۆمەڵـە

* ڕاگەیاندنی ژمارە ١ی دەبیرخانەی کۆمەڵە سەبارەت بە هەلوێستی کۆنە پەرەستانەی تاقمی ئینشعابی لە کۆمەڵە ل ٧

*ڕاگەیاندنی ژمارە ٢ی دەبیرخانەی کۆمەڵە سەبارەت بە سیاسەت و کردەوەی شەڕئەنگیزانەی رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵە ل ئاخر

یادیك لە گیانبەختکردوانی دۆلی بۆتی لە کوردستانی عیراق ل٥

دەورەی دووهەم | ژمارە ١٦٦ | نیوەی دووهەمی مانگی گوڵانی ١٣٨٢ - مەی ٢٠٠٣

## ڕەدکردنــەوەی لایحــەی بردنــە ســەری دەســەلاتی ســەروك کۆمــار لەلایــەن شـــووورای نیگابـــان، قــەیرانیکی تــازە لـــەناو بەرەی ئیسلاح خوازان دا

شوورای نیگابان لایحەی پیشنیار کراوی دەولــەت و مەجلیســی خاتــەمی بــۆ بردنــە سەری دەسەلاتی سەروك کۆمار رەد کردەوە و ئـەو لایحەیـەی سـەر لـەنوی نـاردەوە بـۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی. بە دوای جار و جەنجالیکی زۆر کە لـە دەوروبـەری لایحـەی بردنە سەری دەسەلاتی سەروك کۆمار کاتی خۆی لە مەجلیس دا وەری کەوتبوو و دوای هەرەشە و گورەشەی نوینـەرانی سەر بەبالی خاتــەمی، ســەر لــەنوی توپــی کایەکــە کەوتوەتـەوە زەوی دووی خوردادیـیـەکان و خاتەمی، و نوبەی ئەوانە کە ریگا چارەکان و هەرشە و گورشەکانیان بۆ دەرباز بوون لەو بون بەستە کـە توشـی هـاتوون بـە کـردەوە دەربێنن.

پیشـتر دووی خوردادیـیـەکان و خاتــەمی زۆرجـار رایانگـەیاندبوو کـە ئەگـەر بیتـوو شـوورای نیگابـان لایحـەی بردنــە ســەری دەســەلاتی ســەروك کۆمـار پەســەند نــەکا، ئەوان لە مەجلیس و دەولەت ئیستعفا دەدەن و لەســەر بــەریوە بردنــی ریفرانــدوم پــی دادەگرن.

بـەلام وا دیـارە ئیسـلاح خوازانــی نــاو حکومەت لە بەرانبەر رەدکردنەوەی لایحەی بردنە ســەری دەســەلاتی ســەروك کۆمـار لـە

بروانە لاپەڕەی ٢

## وت و ویـژی هـاروێ ئیبـراهیمی عـەلیزادە سەبارەت بە ئەگەری تەمایلی حیزبی دیموکرات بۆ وت و ویژ لەگەل کۆماری ئیسلامی

**ئەم وت و ویژەی هـاوری ئیبراهیمی عـەلیزداە لەگـەل رادیـوی کۆمەڵـە لەشـاری ستوکهولم سـوئید ئـە نجام دراوە.**

**پـرسیـار:** هاوری ئیبراهیم ئیمـە هەرچـەند مەبستمان لەم وت و ویژە وەها قسـە و باسیك لسەر دەربرینی تەمایلی حیـزبی دیموکـرات بـۆ وت و ویژ لەگەل کۆماری ئیسلامییە، بەلام بە دەرفەتم زانی کە لەو وەختەدا پرسیاریکیشت لی بکەم کـە هەرچـەند مـەربوت نیـە بـەم پرسـیارە لسـەر حیـزبی دیموکـرات. ئـەویش ئەمەیـە کـە هەروەك خۆشتان ئاگادارن دوای روخاندنی رژیمی بـەعس وەزعیـەتیکی تـازە و زۆر قــەیرانی لـە عیراق دا هاتە گۆری. دیارە شەرایەتیکی تازە بۆ هەموو خەلك و لایەنە سیاسـیـیەکان خولقاوە و کۆمەلەش وەکو یەکیك لە ئەحزابی سیاسـی کـە بەشـیك لـە هـیز و کادرەکـانی لـە کوردسـتانی عـیراق دان، چـۆن خـۆی لەگـەل ئـەم وەزعیەتـە تازەیە تەتبیق داوە و ئەساسەن کار و فەعالیەتی ئیمە لە داهاتوودا چۆن بەریوە دەچی؟

***ئیبراهیمی عەلیزادە*: تا ئەو کاتەی کە ئیستا لیرە پیکەوە قسە دەکەین هیچ گۆرانیـك بەسـەر چۆنیـەتی کـار و هەلسـوورانی ئیمـە لـەو مەنتیقەیـە لـە ئاکامی روداوەکانی عیراق دا نـەهاتوە، وە چالاکیەکانمان بە شیوەی تا ئیستا دریژەیـان هەیـە، وە ئـەو ناوچەیـە کـە زۆربەی کار و هەلسوورانی ئەو بەشە لە تەشکیلاتی ئیمە تییدا بـەریوە دەچـی هـەروا لـەژیر دەسـەلاتی یـەکیتی نیشـتمانی کوردسـتان دایـە، بـەلام ئاشـکرایە کـە گۆرانکاریـیـەکان روو دەکەنـە ئـەو ناوچەیـەش و هـەل و مـەرجیکی تـازەیش بـە تایبـەتی بـۆ فەعالیـەت و هـەلس و کـەوتی هـیزی پیشـمەرگەی کۆمەلـە دیتـە پیـش.**

بروانە لاپەڕەی ٣

## مانگرتنی پەنابەرانی ئیرانی دانیشتوی ئۆردوگای رومادیەی عیراق کە ئیستا لـە سنووری نیوان عیراق و ئۆردون بەسـەر دەبەن دریژەی هەیە

نزیکـەی ١٠٩٠ کـەس لـە پەنابـەرانی ئـیرانی دانیشـتوی ئوردوگـای رومادیـەی عـیراق لەگـەل هەلگیرسـانی شـەری ئامریکا لەدژی عیراق بەهۆی نیگەرانی و ترس لە ئاکامی کارەساتی ئینسانی ئەم شەرە ریکەوتی ٢٠٠٣/٤/١٤ بەرەو سنووری ئوردون و عیراق دەکەونە ری و لە شونیك بەنیوی "ئـەل کەرامـە" نیشـتەجی دەبـن. دوای حەوتویـەك لـە سەقامگرتنیان لەم شوینە UN دەچیتە لای ئەو ئاوارانە و

بروانە لاپەڕەی ٥

## ئەنجومەنی موعتادانی گومناو

"ئەنجومەنی موعتادانی گومناو" بابەتیکە کە یەکیك لە ئەندامانی ئـەو ئەنجومەنـە نووسـیویەتی و بەهۆی گرینگـی باسەکە و پەرەگرتنی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە گیرۆدە بوانی مەوادی موخەدیرەوە بە پیویستمان زانی لە ژمارەی ئـەمجارەی نەشـریەی "پیشـرەودا" چاپی بکـەین. ئـەوەی لیرەدا دەیخویننەوە دەقی ئەو بابەتەیە.

ئەنجومـــەنی موعتــــادانی گومنـــاو، ئەنجومـــــەنیکی ســـەربەخۆیە ولەلایـــەن هیچکـام لـە ئورگـان و نــاوەوند و سازمانە دەولەتییەکانـەوە پشـتیوانی لی نـاکری و لەلایـەن ئەو کەسانەوە ئیـدارە دەکـری کـە پیشـتر موعتـاد بـوون و

بروانە لاپەڕەی ٤

## بێکاری بەڵایەکی گەورەی کۆمەلایەتییە

ئـەمرۆ ئیـتر بیکـاری بۆتـە دیاردەیـەکی حاشـا هەلنـەگری کۆمەلگای ئیران کە رۆژ بە رۆژ زیاتر پـەرە دەسـتینی و ئاسـوی داهـاتوی زۆر کەسـی لیـل و تـاریك کـردوە. زۆرن ئـەو بنەمالـە کریکاریانەی کە کەوتونەتە گیژاوی بـەلای بیکـاری و بـۆ دابـین کردنـی سـەرەتاییترین بژیـوی رۆژانـەیان هـەموو ریگایـەك تـاقی دەکەنەوە.

لیرەدا پرسیاری سەرەکی لەو هاوری کریکارانەی کە بیکارن ئەوەیە کە، تا چ رادەیەك لەسەر ئەو باوەرەن ئەوە قەزا و قەدەرە و دەبی رازی بە رەزای حەق بن. ئایا بە راستی ئەوە چارەنووسی هـەتا هـەتایی، یان چارەنوسیکە کە خوایـانی سـەرزەوی بـەپیی بەرژەوەند و قازانجی خۆیان بۆ زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەلگایان لە قەلەم داوە.

**هاوریی کریکار!**

سـەرمایەداران و دەولـەتانی پاریزەریان چارەنووسـی ئیمـەیان ئاوا لە قەلەم داوە و بە ئیمەیان رەوا بینیوە.

ئایا هیچ کات بیرت لە ریگا چارەیەك کردۆتەوە. ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی و بە چ هۆیەك لە سەروەت و سامانەکانی ئەم جیهانە ئەو ژیانە کۆلە مەرگییە بە بەشت براوە. ئایا بیرت لـەوە کردۆتـەوە کـە لـە سـەردەمیکدا کـە ئینسـان سـەفەر دەکـات بـۆ

بروانە لاپەڕەی ٤



هـونـەر و ئـەدەبیاتی پێشـڕەو

بروانە لاپەڕەی ٧

پاشماوەی لاپەرەی ١

## رەدکردنەوەی لایحەی بردنە سەری دەسەلاتی سەروك كۆمار...

لایەن شوورای نیگابانەوە کە لە چەند مانگی رابردوودا ببوو بە تەوەرەی باس و کیشەکانی نیوان دوو بالی رەقیب، جاریکیتریش لە بەرانبەر بالی پاوانخواز و خامنەییدا چۆك دادەدا و بیئەوەی کە هەرەشە و گورەشەکانی بە کردەوە دەربێنی تەسلیمی رەوتی رووی‌داوەکان دەبی.

قسەوباسی کارگیران و سەرانی ئیسلاح خوازانی ناو حکومەت و دووی خوردادییەکان ئەم راستییە نیشان دەدا کە ئەوان لە بەرانبەر تازەترین شکستیك کە لە دەست بالی پاوانخواز خواردویانە هەر لەریگای دەست لەسەر دەست دانان و پاشەکشە رەچاو دەکەن.

بۆ نموونە یەکیك لە ئەندامی مەکتەبی سیاسی جبهەی موشارکەت بۆ کەم بایەخ دان بە شکستیك کە خواردویانە و سوکایەتیەك کە پییان کراوە زۆر شەرمیونانە دەڵی مەجلیس زۆرتر لەسەر لایحەی قانوونی هەلبژاردنەکان حەساسیەتی هەبوو و ئەو لایحەیە بۆ گرینگ بوو ئەگەرنا دەولەت دەکری لەسەر کەم و زیاد کردنی لایحەی چونە سەری دەسەلاتی سەروك كۆمار قسە بکا و یان حوسێنی کاشفی رەئیسی هەیئەتی کارگیرانی جبهەی موشارەکەتی ئیرانی ئیسلامی کە رەوتەکەی دەمیکە هەرەشە و گورەشەی ئیستعفادان و پیداگرتن لەسەر ریفراندومیان وەلا ناوە، پەند و رینوینی خامنەیی باوکی پاوانخوازانی رەچاو کردوە و دەڵی ئیسلاح خوازانی ناو حکومەت دەبی لەریگای قانوونییەوە بۆ رونکردنەوەی چارەنووسی لایحەی بردنەسەری دەسەلاتی سەروك كۆمار لە لایەن شوورای نیگابانەوە هەول بدەن. سەرەرای ئەوانە ئەگەر چی ئیستاش بەشیك لە ئیسلاح خوازانی ناو دەسەلات چ لەناو نوینەرانی مەجلیس و دەولەتدا و تەنانەت لەناو جبهەی موشارەکەتدا قسە لە ئیستعفا و هاتنەدەر لە دەولەت دەکەن، بەلام ئەگەری هاتنەدەر و ئیستعفای ئیسلاح خوازان لە دەسەلات زۆر زەعیفە، چونکە بە تایبەت لە سەردەمیکدا کە ئامریکاش لە هەولی ئەودایە تا لەریگای ئیسلاح خوازانی ناو حکومەتەوە پروژەکانی خۆی بۆ ئیسلاح و رام کردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەرێتە پیش، گرینگی جیگا و شوینی ئیسلاح خوازان لەوەدایە کە لە دەسەلاتدا بەشدارن و بەشیك لە ئامرازەکانی دەسەلاتی حکومەتی ئیسلامییان بە دەستەوەیە.

ئەمرۆ لایحەی بردنە سەری دەسەلاتی سەروك كۆمار لە حالیکدا لەلایەن شوورای نیگابان رەد دەکریتەوە کە ماوەیەك لەوەپیش شورای نیگابان پەسەند کراویکی دیکەی مەجلیسی شورای ئیسلامی سەبارەت بە ئیسلاحی قانوونی هەلبژاردن رەد کردوتەوە و ئەوە خۆی دەبێتە هۆی قەیرانیکی تازە لەناو لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلاحات دا.

ئەمرۆ بەشیکی زۆر لە لایەنگرانی خاتەمی و پروژەی ئیسلاحات لە دەرەوەی دام و دەزگای حکومەتیدا کە ماوەیەك بوو تەوەرەی تەبلیغاتیان هاتبوە سەر ئەوە کە ئەگەر لایحەی چونەسەری دەسەلاتی سەروك كۆمار لەلایەن شوورای نیگابان پەسەند بکری ئەوە جاریکیتریش چەرخی ئیسلاحات وەگەر دەکەوی و پروژەی ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی دەوریکی تازە هەلدەگری، و بەمجورە کومەلگای ئیران بەرەو کومەلگایەکی مەدەنی و دیموکراتیزە دەچیتە پیش، توشی بیهیوایی و سەرلیشێواوی بوون.

بەشیکی زۆر لە ئوپوزیسیونی لایەنگری ریفورم خوازانی ناو دەسەلات کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری خاتەمییەوە بیوچان و ماندوویی نەناسانە پشتیوانییان لە سیاسەت و کردەوەکانی خاتەمی و دەولەتەکەی کردوە و لەو دواییانەش دا هیوادار بوون کە بە پەسەندکردنی لایحەی بردنە سەری دەسەلاتی سەروك كۆمار، مەیدانی مانوریکی زیاتر پەیدا بکەن، ئەمرۆ ئیتر هیوا و ئومیدیان بە بەرەوپیش چوونی رەوتی ئیسلاحات لەژیر رابەری ئاغای سەروك كۆمار بە تەواوی لە دەست داوە و قسە لە بون بەستی ئیسلاحات دەکەن. هەر لەو پەیوەندییەدایە کە ئەمرۆ دەبینن چەند سەد کەس لە ئوپوزیسیونی لایەنگری ئیسلاحاتی خاتەمی و لیبرالەکان کە تا دوینی لە سیاسەتەکانی دەولەت و مەجلیسی ئیسلاحات پشتیوانییان دەکرد ئەمرۆ لەژیر سەردیری "بۆ یەکیتی کۆماری خوازانی ئیران" بەرنامە و پلاتفورمی خۆیان رادەگەیەنن و بەمجورە هەول دەدەن تا ریزی خۆیان لەریزی ئیسلاح خوازانی حکومەتی جیا کەنەوە.

ئەمرۆ بە چاو خشاندنیك بەسەر هەلویستەکانی ئوپوزیسیونی لایەنگری ئیسلاحاتی خاتەمی لە دەرەوەی دەسەلات هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خاتەمییەوە تا ئەمرۆ بومان دەردەکەوی کە هەلەی سەرەکی ئەم بەشە لە ئوپوزیسیون نەناسینی ناوەرۆکی راستەقینەی ئەم ئیسلاحاتە بوو.

بزووتنەوەی ئیسلاحاتیك کە خاتەمی لەناو حکومەتی ئیسلامیدا نوینەرایەتی دەکا قەرار نەبوو کۆمەلگای ئیران دیموکراتیزە کا، رژیمیکی سکولار و دیموکراتیك بینێتە سەر کار و هەل و مەرجی ئازاد و دیموکراتیك بۆ فەعالییەت و هەلسوورانی سیاسی و کۆمەلانی خەلك فەراهەم کا. ئامانجی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی بریتی بوو لە بەرقەرار کردنی دیموکراسی لەنیو چینی سەرمایەداری ئیران یانی بەقەرار کردنی بەرابەری حقووقی، سیاسی و قەزایی لەنیو سەرمایەدارانی ئیران، یانی دابین کردنی ئەمنیەت و سەقامگرتوویی بۆ بەدەست هینانی سوود و کەلەکە کردنی سەرمایە. ئەوەیە ناوەروکی پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی، دەولەتی خاتەمی لەماوەی ٦ سالی رابردوودا سەرەرای هەر هەوراز و نشیویك کە تووشی هاتبی لە جهەت ولام دانەوە بە پیداویستییەکانی سەرمایەداری ئیران هەنگاوی هەلگرتوە. ئەوەی کە بە بون بەست گەیشتوە ئەو خوشباوەری بیروبوچونەیە کە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئیسلاحات بەرابەری خاتەمی، لە جهەت ولام دانەوە بە ئاوات و ئارەزوە وەدینەهاتوە دیرینەکانی خۆی دیموکراتیزە دەکرد و رەنگ و لەعابی لیدەدا.

ئەو بەشە لە ئوپوزیسیون کە ئەمرۆ لەژیر ناوی "بۆ یەکیتی کۆماری خوازانی ئیران" بەرنامە و پلاتفورمی خۆیان گەلالە کردوە، توندوتیژ کردنەوەی فەزای خەفەقان، دەست پی کردنی شەپولیکی تازە لە ئیعدام وکوشت وبر،بە ستنی سایتە ئینترنیتییەکان ودستگیر کردنی رابەرانی بزووتنەوەی موعلیمان بە یەکیکیتر لە نیشانەکانی شکستی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی خاتەمی لە قەلەم دەدەن. بەلام ئەوە لە حالیك دایە کە سەرکوتی ئیعترازات وبزوتنەوە کومەلایەتییەکان و توندوتیژ کردنەوەی نیو بە نیوی فەزای خەفەقان هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری دووی خوردادییەکان تا ئەمرو هەمیشە بەشیکی جیانەکراوە لە سیاسەت و کردەوەکانی دەولەتی ئیسلاحاتی خاتەمی بوە وئەو رەوتە هەر دریژەی دەبی تا ئەو کاتە کە بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوازی ئیران دەتوانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان و لەسەروی هەمووان بزووتنەوەی چینی کریکار بە وەسیلەی مکانیزمەکانی پیویست وجیگای سەرنجی خوی دەخاتە ژیر رکیف، رامیان دەکا ولە هەل و مەرجیکیان دا قەرار دەدا تا لە چوارچیوەی قانوونە کۆنەپەرستانەکانی کوماری ئیسلامی بو گەیشتن بە داخوازییەکانیان هەول بدەن.

ئەو بەشە لە ئوپوزیسیونی لایەنگری حکومەت کە تا دوینی بە زەخت هینان لە خوارەوە و چەنە لیدان لە سەرەوە هەولیان دەدا تا ئیسلاح خوازانی ناو دەسەلات لە بەرانبەر پاوان خوازان دا توندوتیژ کەنەوە و لەو ریگایەوە زەمینەی پیشرەوی بزوتنەوەی ئیسلاحات خوش کەن، ئەمرو، کە خویان ترسی فشار لە خوارەوەیان لی نیشتوە لەهەولی ئەوە دان تا بە چرا سەوزدان بە ئامریکا و زەختی دەرەکی، پاوانخوازانی ناو حکومەت وادار بە پاشەکشە بکەن و لە روانگەی خویان لەو ریگایەوە پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی لە قەیران و بون بەستیك کە توشی هاتوە رزگار کەن.

بەلام ئەمرو روون وئاشکرایە کە چارەنووسی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی سەرمایەدارانی ئیران کە خاتەمی رابەری دەکا لە ئاکامی کیشمەکیشی نیوان بالەکانی رژیم دیاری ناکری. ئەوە ئالترناتیوی کریکاری وسوسیالیستییە کە دەبی لە بەرانبەرکی لەگەل بزووتنەوەی ئیسلاحاتی سەرمایەدارانی ئیران ریزەکانی خوی یەکگرتو و پتەوتر بکا و وەك ئالترناتیویکی کومەلایەتی بەهیز بێتە مەیدان.

*

رادیۆ دەنگی کۆمەڵە

هەموو روژانی یەکشەممە

سەعاتی ٩/٣٠ تا ١٠/٣٠ ی شەو



## پاشماوەی لاپەرەی ١

ئەساسی بۆچوون و هەلویستی ئیمە لەسەر جیگا و شوینی خەباتی پیشمەرگانە لە سەرجەمی ستراتژی ئیمە لە کوردستان هەر ئەوەیە کە لە دوایین کونگرەی کۆمەلەدا دیاری کراوە، بەو هەل و مەرجە تازەیەی کە لە عیراق دا هاتوەتە گۆری ئەگەرچی دژواری و تەنگەبەری تازە بۆ ئەو هەلسووران و چالاکی‌یە پەیدا بوە بەلام لە جەوهەری خۆیدا گۆرانی بەسەردا نەهاتوە. با هەر لیرەدا ئەوە بلیم کە ئیمە بەردەوام وتومانە کە ستراتژی ئیمە لە بزووتنەوەی کوردستان دا لە ئاکامی پەرە گرتنی خەباتیکی هەمەلایەنەی جەماوەری‌دا و لە ریگای راپەرینی جەماوەری دیتە دی و هەرگیز ئیمە لامان وا نەبوە کە رزگاری خەلکی کوردستان لە ئاکامی سەرکەوتنیکی نیزامی هیزی پیشمەرگەوە بەدی دێ. ئاسوی ئیمە بۆ رزگاری خەلکی کریکار و زەحمەتکیش شورشی کۆمەلایەتی‌یە، بەم ئاسویە و لە جەرگەی پەرەگرتنی بزووتنەوەی بەهیزی جەماوەری‌دایە کە خەباتی چەکدارانەی هیزی پیشمەرگەیش جیگا و شوینی شیاوی خۆی پەیدا دەکات. بەم بۆچونەوە ئیمە پیویستە دو مەسەلە لیك جیا بکەینەوە، یەکیکیان حزووری چەکدارانەیە و ئەوەی دیکەیان خەباتی چەکدارانەیە وەکو ریبازیکی دیاری کراو. حزووری چەکدارانە پەیوەندی بە لیکدانەوەی ئیمە لە هەل و مەرجی سیاسی دیاری کراو و گەلیك فاکتور و مەجالی تاکتیکی و عەمەلی هەیە، وە ئەوە نەفسی جیگا و شوینی پیشمەرگایەتی ناو ستراتژی ئیمەدا نابات‌ە ژیر پرسیار، خەباتی پیشمەرگانەی کۆمەلە لە کورستان سوننەتیکی بەرز و جیگای ریزە، بە گیانبەخت کردوانی‌یەوە کە سیمای باوەر پیکراوی ناو جەماوەر بون کە ئاواتی سوسیالیزم و رزگاری ئینسانیان لە چەوسانەوە و کاری کرێ گرتە لە دلدا بو، بە فەرهەنگیکی تازەوە کە هینایە ناو بزووتنەوەی خەلکی کوردستان. هیزیك بوو کە لە جەرگەی خەبات و موقاومەتی چەکدارانەی‌دا تۆوی وشیاری و ئاگاهی لەناو خەلك دا بلاو دەکردەوە. ئالا هەلگری یەکسانی ژن و پیاو بوو، هیزیکی ریکخەر بوو، بەدەیان شەهیدی لە دەستەکانی ریکخستنی‌دا داوە، خۆی بەسەر خەلك دا نەدەسەپاند بەلکو یارمەتی‌دەریان بوو، دەی‌پاراستن، بە هەموو ئەوانەیشەوە هەمیشە وتوومانە کە رزگاری لە ئاکامی راپەرینی جەماوەری‌دا دیتە دی وە هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە تەنیا باسکیکە لە ئەندامیکی چالاکی تەواو کەمال. ئەوانەی کە خەباتی چەکداری هەموو ژیانی سیاسی و مەوجودیەتی ریکخراوەیی‌یان پیك دینی جیگای خۆیەتی کە بە سارد بونەوەی ئاگری تیك هەلچونی شەر ئاسویشیان لێ تاریك بێ و بکەونە پەلە بۆ داشکاندنی هەموو ئامانج و ئاسوی سیاسی خۆیان، بۆ کۆمەلە نە لە رابردوودا وابوە نە ئیستاش وایە. بەلام با بچمە سەر باسی هەل و مەرجی تازە لە عیراق و تەئسیری لەسەر کاری هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە کە بە تایبەتی پرسیارەکەی ئیوەش بوو. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو سەرەتایە کە باسم کرد ئیمە سیاسەتی خۆمان لەم بارەیەوە دیاری کردوە و ئەو جۆرە ریك کەوتنانەی کە بۆ نمونە ریکخراوی موجاهیدنی خەلك و هیزەکانی ئامریکا پیکەوە کردویانە، بۆ پاراستنی حزووری چەکدارانەمان لەو مەنتەقەیە لە لایەن ئیمەوە قابلی قەبوول نیە، ئیمە بەپیی پرەنسیب و بەپیی پیویستی پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی دوا رۆژی خەلکی زەحمەتکیش ئەو قیمەتە بۆ حزووری چەکدارانەمان لەو مەنتەقەیە ناتوانین بدەین، با من نمونەیەك بینمەوە کە رەنگە ناوەرۆك و جەوهەری ئەو بۆچوونە باشتر روون دەکاتەوە، لەو سالانەدا کە رژیمی بەعس لەسەر کار بوو ئیمە گەلیك جار دەکەوتینە ژیر ئەو زەختەوە کە مەقەرەکانی ناوەندی و شوینی ئیستقراری هیزی پیشمەرگە لە کوردستانی عیراق لەو ناوچانە کە هیچ دەسەلاتیکیان بەسەرەوە نەبوو یان لەژیر دەسەلاتی هیزی پیشمەرگەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دا بوون بگوازینەوە بۆ ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی رژیمی بەعس، ئیمە ئەوەمان قەبوول نەکرد، ژمارەیەکی زۆر قوربانیمان لە پیناوی‌دا دا، بوونمان لەناو خەلکی کوردستانی عیراق لەو ناوچانە کە خەلکی تییدا دەژیا یان هیزی پیشمەرگە تییدا چالاك بوون تا رادەیەك هاوچارەنووسی کردبون لەگەل موقاومەت و لەگەل ژیانی ئەوان وە ئەم هەلویستە کە بە قیمەتیکی گرانیش تەواو بوو بۆ کومەلە و شانازیەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە لە کوردستانی عیراق، بە سەهمی خۆی شەرعیەتی دەدا بە پەیوەندی‌یەکانی دیپلوماسی ئیمە، هەر ئەو هەلویستە بوو کە ریگای نەدەدا سنووری نیوان خەباتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە دژی کۆماری ئیسلامی لەگەل شەری ئیران و عیراق تیك بچی و ئیمە بە راشکاوی دەمانوت کە ئەم شەرە لە هەر دوك لاوە کۆنە پەرستانەیە و دژی خەلکە، جەماوەرمان هان دەدا کە نەبنە دەستە چیلەی ئاوری ئەو شەرە لە هەر دوك لاوە، ئەو پرەنسیبانە هەر لەجیگای خۆیانن و، کۆمەلە تەجروبەی پیویستی لەم بارەیەوە هەیە و لەم دەورەیەش دا بۆ فەعالیەت و ئیدامە کاری خۆی هەر ئەم تەجروبەیە بە کار دینیت.

**پرسیار:** دوای ئەم پرسیارە دیینە سەر ئەسلی پرسیارەکە ئەویش ئەوەیە کە هەروەك خۆشتان ئاگادارن رۆژنامەی فاینشال تایمز وت و ویژیکی لەگەل ماموستا عەبدوللای حسەن زادە سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کردوە، بەپیی ئەوە کە لەم موساحبەیەدا هاتووە ماموستا حسەن زادە تەمایولی نیشان داوە بە موزاکرە لەگەل کۆماری ئیسلامی و تەنانەت تەلویحەنیش دوو ئیمتیازی گەورەی پیشکەش بە رژیمی کۆماری ئیسلامی کردو. یەکیك لەو دوو ئیمتیازە ئەوەیە کە ئیتر لەمەو بەدوا حیزبی دیموکرات داوای رووخانی حکوومەتی ئیسلامی ناکات و ئەوەی‌تریش ئەوەیە دەست لە خەباتی چەکدارانە هەلگرن. تکایە ئیوە وەکو دەبیر ئەوەلی کۆمەلە ئەم هەلویستە چۆن هەلدەسەنگینن وە هەروەها ئەساسەن کۆمەلە لەم بابەتەوە چۆن بیر دەکاتەوە؟

***ئیبراهیمی عەلیزادە:*** ئەوەی کە لەم راپورتەی رۆژنامەیەکی ئینگلیسی‌دا هاتوە بە مانای دەربرینی تەمایولیك لە لایەن ریبەری حیزبی دیموکراتەوە، لە دەربرینی ئەو تەمایولەوە هەتا بە کردەوە دەرهاتنی وت و ویژیکی ئاشکرا لە نیوان حیزبی دیموکرات و کۆماری ئیسلامی کە داوایان کردوە هیشتا ریگایەکی دورە وە ئەوەندەی بکری بەو راپورتە ئیستنبات بکەین بە مانای وەرچەرخانیکی سیاسی لەچاو دروشم و بۆچونەکانی رەسمی رابردووی حیزبی دیموکراتە، وە ناوەرۆکەکەیشی بریتی‌یە لەوە کە حیزبی دیموکرات بە شوین بەدیهینانی دروشمەکانی خۆی لە چوارچیوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی‌دایە، ریفورم خوازەکانی ناو رژیم لە چەند سالی رابردوودا بەردەوام ئەم ریبازەیان کە پایەیەکی مادی واقعیشی لەنیو چینی سەرمایەداری کوردستان دا هەیە تەبلیغ کردوە. ئەم سیاسەتەی حیزبی دیموکرات بە کردەوە حەقانیەت دەدا هەر بەو ریبازەی ئەوان، ئەگەر ئەم رەوتە بەمجۆرەی کە حیزبی دیموکرات هەولی بۆ دەدات بچیتە پیش تەنیا دەتوانم بلیم قەباحەتی سازان لەگەل رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ریفورم خوازەکانی حکوومەتی کەم دەکاتەوە، دەنا هیچی بۆ حیزبی دیموکرات تیدا بەستە نابیت، مەیل و بۆچوونەکە لە زمان حیزبی دیموکراتەوە رادەگەیەندری بەلام بەرهەمەکەی ئەوانی دیکە هەلی دەگرنەوە، رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کونترولی بزووتنەوەی خەلکی کوردستان پیویستی بەوە هەیە کە لەریگای هیزی وەکو حیزبی دیموکراتەوە دار و دەستەکانی دەوروبەری خۆی خاوەن ئیعتبار بکات بۆ ئەوەی کە بە راشکاوی و بێ نیگەرانی و بە بەد نیو بوون لەنیو خەلك دا پروژەکەیان بەرنە پیش و ئەگەر حیزبی دیموکرات ئەو جۆرەی کە رایگەیاندوە بە کردەوەش بکەویتە ئەو داوەوە ئەوە ریگای ئەو رەوتە لەناوخۆی کوردستان خۆش دەکات و خوشی گوشەگیر دەکات، لیرەدا دەبی ئەوەش بلیم کە ئەم هەلویستەی حیزبی دیموکرات لەگەل هەلویستیك کە دوای رووخانی رژیمی عیراق بە پیشوازی ستراتژی ئامریکاوە چوون و زۆر بە راشکاوی هیزی ئامریکایان بەناوی هیزیکی رزگاری بەخش لەو ناوچەیە ناو برد قاعیدەتەن یەك ناگرنەوە و لە دەربرینی وەها هەلویستیك بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی‌دا، قاعیدەتەن بەپیی ئەو بۆچوونەی کە لەو بیانیەیەی پلنومەکەیاندا دەریان بریبو نەدەبا زۆریان پەلە کردبا، بەلام بە هەر حال ئەوە ئینتخابی سیاسی خۆیانە و زۆر جیگای قسەی ئیمە نیە. دەمەوی ئەوە بلیم ناوەرۆکی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوی وەکو مافی گەلی کورد دانی پێ دانێ لە ئاکامی وەها وت و ویژیکی ئیحتمالی‌دا لە باشترین حالەت دا هەر ئەوەیە کە چەند نوینەریکی کوردی پارلمان بیهەوی و ئەوەش لە راستی‌دا هیچ شتیك نیە غەیری ئەو بۆچونەی کە دەیهەوی کیشەی کورد لە روانگەی سەرمایەدار و خاوەن سەروەت و سامانی کوردەوە بە لایەك دا بخات و هیچ پەیوەندی‌یەکی بە مافی خوراوی خەلکی هەژار و چەوساوەی کوردەوە نیە، کە وا بێ ئەگەر بیت و رۆژیك لە رۆژان وەها وت و ویژیك سەر بگری تا ئەو جیگایە کە بەم مەسەلەیە مەربوتە، لەو چوارچیوەیە تیپەر نابیت، ئەوە سەبارەت بە مافی گەلی کورد. ئایا کۆماری ئیسلامی ئەو زەرفیەتەی پەیدا کردوە ئەو زەرفیەتەی تیدا پیك هاتوە کە بە حیزبەکانی ئوپوزیسیونی کوردستان ئیجازەی هەلسوورانی ئازادانە بدات؟ ئایا مل بۆ دیموکراسی لە کوردستان دا دەنوینی؟ هەموو نیشانەکان خۆ بە پیچەوانە نیشان دەدەن. لە جەرگەی ئیعدام و بگیر و ببەنددا لە کوردستان لە جەرگەی بازداشتی یەك لە دوای یەکی رۆژنامە نگارانی تۆزیك نارازی و بەستنی رۆژنامەکانی توزیك لیبرال لە تاران دا قسە کردن لە وەها ئازادییەك لە کوردستان چ جیگایەکی دەتوانی هەبی، ئەگەر وەها ئیجازەیەکیش بەناو هەلسوورانی حیزبی سیاسی مەترەح بێ ئەوە هەر لە نەوعی ئیجازەی فەعالیەتی ئەو حیزبە کارتونیانە دەبی کە رۆژی خۆی دەولەتی بەعس ریگای پێ دابوون کە وەها ریبازیك نە بۆ گەلی کوردی تیدا بەستە بیت و نە بۆ حیزبی دیموکرات وەکو حیزبیکی سیاسی هیچی تیدا بەدی بکری، حیکمەتی راگەیاندنی ئەو سیاسەتەی ئەورۆ دەبی چ بێ؟ ئایا ئەوە رەنگدانەوەی وەزعی تازەی کوردستانی عیراق و ئەو تەنگە بەریانە نیە کە بۆ حزوور و وجوودی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات لەو ناوچەیە لە رێدایە؟ خۆ ئەگەر واش بیت پیم وانیە ریگا چارەیەکی ئاوا کە ئەوان تەمایولەکەیان بۆ راگەیاندوە کارساز بیت.

*

## پاشماوەی لاپەرەی ١

## بێکاری بەڵایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی‌یە

سەیاراتی‌تر و جیهان رۆژ لە رۆژ زیاتر غەرقی ناز و نیعمەت دەبێ، بۆ چی دەبێ تۆ ئاوا بژی. ئەمە تەنیا قسە و خەیالات نیە، ئەو ناز و نیعمەتەی کە دەولەمەندان و بالا نشینان تێیدا دەژین ئەوانە بەرهەمی کار و ئارەقی ناو چاوانی تۆ و بنەمالە و سەرجەم هاو چارەنووسانتە. کاری هەمیشەیی و گونجاو، حەقدەستی گونجاو لەگەل ئاستی خەرجی بەریچون و ئاوسان، ئیمکاناتی شوینی کار، مالی باش، خوراکی باش، پوشاك و سەرجەم پیداویستی‌یە رفاهیەکان ئەو شتانەن کە دەبێ تۆ و ئەندامانی بنەمالەکەت لێی بەهرەمەند بن و ماقی ئینسانی خۆتانە داوایان بکەن. تۆ و هاوچارەنووسانت بەرهەم هینەری سەرجەم ئیمکاناتی ژیان و حەسانەوەن.

ئایا دەکری خۆتان کە بەرهەم هینەرانی سەرجەمی ئەو ئیمکاناتەن بەلام لیان بی‌بەری بن و نەتوانن ئیستفادەیان لێ بکەن؟

### هاوریی دەست فرۆش!

ئایا تا ئیستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە لەریگای دەست فرۆشی کردن ناتوانی لە هەژاری و نەداری رزگارت بی؟ ئایا تۆ لەم ریگایەوە دەتوانی ژیانیکی باش بۆ بنەمالەکەت دابین بکەی؟ ئایا هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی سەرەرای ئەوە کە شەو و رۆژ کار دەکەی و ئەو دەرکە و دەرك دەکەی بەلام هیشتا دەرەقەتی خەرجی رۆژانە، دەرەقەتی کرێ خانوو، دەرەقەتی کرێی ئاو و بەرق نایەی؟

هاوری‌یانی کریکاری کورەخانەکان، کریکارانی سەر سنوور و باقی کریکاران! ئایا ئیوە تا ئیستا بیرتان لەریگا چارەی رزگاری لەم رۆژ رەشی‌یە کردۆتەوە؟ پی‌تان وایە ریگا چارە چی‌یە؟

### هاوریی کریکار!

ریگا چارەی رزگار بون لەم ژیانە کۆلە مەرگی‌یە گوێدان بە قسەی پر و پوچی مەلا و شیخ و تاجر و سەرمایەدار نیە. ریگا چارە بیر کردنەوە و هەول و هەلسوورانی بە کومەلی کریکارانی پیویستە بۆ ئەوەی بە ژیانیکی شیاوی ئینسانی سەردەم بگەن. هەرچەند مەشغەلەی ئەوەی کە چۆن پاروە نانیك بە سفرەی بێ رەونەقی بنەمالەکەت زیاد بکەی مەجالی ئاوا بیر کردنەوەیەکت پی نادا، هەرچەند بەڵای بیکاری و رۆژ رەشی هەموو شتیکی لەبیر بردویەتەوە، بەڵام تاکەی دەبی وابی، تاکەی دەبی خۆت پیادە و حاسلی کار و ئارەق رشتنت سوار بێ، تاکەی دەبی دابمینی کە بە چ شیوەیەك ولامی منالە هەناسە ساردەکانت بدەیەوە، تاکەی دەبی هەموو فکر و زەینت بە ئەوەوە خەریك بێ کە ئەم سەری مانگەش چ فێڵێك بە کار بینی تا دانی کرێ خانوکەت وەدرەنگی بخەیت؟

تاکەی دەبی بۆ بزەیەك دابمینی کە بە روی هاوسەری چاو لەدەستت دا بیبارینی.

هەمووی ئەم تاکەیانە ولامیان دەویتەوە کە تۆ هاوریی کریکار دەبی بیاندەیەوە. وڵامەکە نابی بە تەنها یەك کەس بیداتەوە، دەبی هەموو کریکاران دەنگیان یەك خەن. بیکاری بە رادەیەك پەرەی سەندوە کە شەقامەکان و کوچە و کولان و مەیدانە گشتی‌یەکان و سەری چواررێکان و سەر شۆستەی شەقامەکان جمەی بیکاری دێ. لە ئیران دا چ شتیك زۆرە، کریکاری بیکار.

کریکارانی بیکار دەردی هاوبەشیان هەیە، بە دەردیکەوە دەنالینن. دەبی ئەوەش بزانین کە بە تەنیا ناتوانین بەگژ ئەو بەڵا کۆمەلایەتی‌یەدا بچینەوە. بە تەنیایی هەر شکست دەخوین، ئەو بەڵایە هەروەك وتمان کۆمەلایەتی‌یە هەر بۆیە دەبی ئیوە کریکارانی بیکار یەك بگرن. ئاوایە کە دەبنە خاوەنی هیز و توانای بەگژدا چونەوە.

### هاوریی کریکاری بیکار!

ئەگەر دەتهەوی بە شتیك بگەی، هەر لە ئیستاوە لە بیری ئەوەدا بە کە لەگەل کریکارانی بیکاری دەور و پشتی خۆت قسە بکەی. پیکەوە دانیشن باس و راویژ بکەن، فکرەکانتان یەك بخەن. بیر لە ژیانیکی خۆشتر و شیاوی ئینسانی‌تر بکەنەوە. دەنگەکانتان تیکەل بە یەکتر بکەن، دەستەکانتان تیك ئالینن، کۆبوونەوەی گەورە وەری بخەن، خۆپیشاندان و ریپیوانی بەربلاو سازمان بدەن، بە تیکرایی برونە بەر دەرکی ناوەندە دەولەتی‌یەکان بەروکیان بگرن. داوای کار بکەن. ئەگەر ولامی رەدیان دایەوە و برو بیانویان هینایەوە داوای بیمەی بیکاری بکەن. بیمەی بیکاری بۆ سەرجەمی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٨ سال زیاترە، دەبی بیمەی بیکاری لەگەل ئاستی خەرجی بەریچون و ئاوسان یەك بگریتەوە. دەبی تا کاتیك کارتان بۆ دابین دەکرێ بیمەی بیکاریتان پی بدرێ.

شایەد دەولەت ولام بە خواستەکانتان نەداتەوە. بۆ ئەوەی کە ئەم پیلانەی دەولەتیش پوچەل بکەنەوە دەبی لەگەل کریکارانی لەسەر کار لە بەشە سەنعەتی و بەشە جۆراوجۆرەکاندا قسە بکەن، دەبی رازی‌یان بکەن کە لە ئیوە پشتیوانی بکەن. دەبی زەرورەتی هاوپشتی کریکارانیان بۆ شی بکەنەوە. دەبی بە جۆریك بە قەناعەتیان بگەیەنن کە ئەگەر دەولەت ولامی نەدانەوە ئەوان بۆ ئیعتراز بەو ولامەی دەولەت مان بگرن، دەرکی کارخانەکان داخەن، بۆ ئەوەی زەختیك بێ بۆسەر دەولەت بۆ ئەوەی ولامی خواستەکانی ئیوە بداتەوە.

دەبی ئەوە بزانن کە دەولەت بە قسەی خۆش حالی نابی و مل بە داواکانتان نادا، ئیوەش دەبی ریگای وا بەکار بەرن کە مل بە دەولەت نەوی بکات.

### هاورێیانی کریکار!

ئیمە کریکاران چینی بێبەشی کۆمەلگای ئینسانین. ئیمە وەك سەرمایەداران چەك وچولی پیشکەوتومان نیە، تانك و توپ و تەیارە و کەشتی شەر کەرمان نیە، سەرمایەداران خاوەنی هەموو ئەو چەکانەن و بە دریژایی میژوو لەدژی ئیمە کریکاران بەکاریان هیناوە و ئیستاش هەر بە کاری دێنن. ئیمە هیچ شتیکمان نیە، ئیمە چینیکی جیهانین، ئیمە کریکاران زۆرینەی کۆمەلگای ئینسانی پێك دێنین. ئیمە تەنیا یەك چەکمان هەیە کە دەبی کەلکی لێ وەرگرین. ئیمە چەکی یەکگرتن و هاوپشتی چینایەتیمان هەیە. یەکگرتن زامنی سەرکەوتنی ئیمەی کریکارانە. دەبی ئەوە بزانین کە سەرمایەداران و دەولەتەکانیان لە بەرانبەر یەکگرتویی ئیمەدا دێنە لەرزین. ئەوە راستی‌یەکی ئاشکرایە کە تا کاتیك ئیمە پرژ و بلاو بین تا کاتیك یەك نەگرین و هەر کامەمان قسەیەك بکەین، سەرمایەداران بەسەرمان دا زال دەبن و ئیمەش بە هیچ کام لە خواستە رەواکانی خۆمان ناگەین. هەر بۆیە دەبی دەنگمان یەك خەین و سەرمایەداران ناچار بکەین ولامی خواستەکانمان بدەنەوە.

### هاورێیانی کریکار!

### بۆ پێشەوە بۆ یەکگرتن، سەرکەوتن بۆ ئیمەیە.

## پاشماوەی لاپەرەی ١

## ئەنجومەنی موعتادانی گومنام

ئیستا لەو بەلا مال ویرانکەرە دوور کەوتوونەوە و تەنیا لە بواری تەرخان کردنی جیگا و شوین بۆ سازدانی کۆبوونەوەکان کە ئەویش بە سەدان گیروگرفت و بینە و بەرە، پشتیوانی‌یان لێ دەکری و لە کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجومەنەدا بیجگە لە کەسانی موعتاد هیچ کەسی‌تر نابی بەشداری بکات و تەنیا لە کۆبوونەوە ئازادەکاندا هەموو کەس دەتوانی بەشداری بکات.

لە کۆبوونەوەکاندا هەر ئەندامیك ئەزموونەکانی خۆی بۆ بەشداران دەگیریتەوە و باسی شوینەوارە زیانبەخشەکانی مەوادی مەخەدیر دەکات کە تووشی هاتوون.

ئەنجومەن تا ئیستا لە کارەکانی‌دا سەرکەوتوو بوە و نزیکەی ٢٠٠ کەس لە ژنان و پیاوانی لاو کە گیرۆدەی مەوادی موخەدیر بوون، بەرەو ژیانی ئاسایی و سالم رینوینی و هیدایەتی کردوون.

پیویستە بوتری کە ٦٧ سال لەمەوبەر لە ئامریکا گیرۆدە بوانی مەشروباتی ئەلکولی ئەنجومەنیکیان بەو ناوە پیك هینابوو کە دامەزرینەرەکەی "بیل ویلسون" بوو وە خۆشی گیرۆدەی ئەو مەوادە ببوو. دواتر بە چوونەسەری قوربانیانی مەوادی موخەدیر لە ئاستی کۆمەلگادا کە هیز و توانای لاوانی لەناو دەبرد، گیرۆدەبوانی مەوادی موخەدیریش ئەنجومەنیکی لەم چەشنەیان دامەزاند. هەر ئیستا ئەم ئەنجومەنە لە ئاستی جیهان دا نزیکەی ١٠ میلیون ئەندامی هەیە کە تیکرای ئەو کەسانە تەرکی ئیعتیادیان کردوە. لە ئیرانیش ئەم ئەنجومەنە لە لایەن کەسیك بە ناوی "فروهر تشویقی" دامەزرا کە پیشتر خۆی لە ئامریکا گیرۆدەی مەوادی موخەدیر ببوو، وە لەسەر شەقامەکان ژیانی دەبردە سەر و لەژیر هاندانی ئەم ئەنجومەنەوە ژیانی ئاسایی خۆی دەست پیکردبۆوە. ئەو ئەنجومەنە لە ئیران ١٠ هەزار ئەندامی هەیە.

لەشاری سنەش ئەم ئەنجومەنە ٦٠٠ ئەندامی هەیە کە تیکرای ئەو کەسانە پیشتر موعتاد بوون و ئیستا تەرکیان کردوە.

ئیمە بە چاویکی واقع بینانەوە دەروانینە ئیعتیاد و بەر بە پەرەپیدانی ئەو بەلایە لە لایەن باندەکانی مافیایی دەولەتی دەگرین. ئیمە کەسی موعتاد وەك نەخۆش چاو لێ دەکەین. گرینگی ئەوەشمان بۆ دەر کەوتوە کە موعتادیك دەرمانی موعتادیکی دیکە بکات. ئیمە پێمان وایە کەسی موعتاد باشتر لەهەر کەسیکی‌تر کەسانی موعتادی‌تر دەرك دکات و یارمەتی دەدات.

ئاواتە خوازین رۆژیك بێت کە لەئاستی جیهاندا هیچ موعتادیك نەمینی و هیچ کەس دەرد و عەزابی موعتادی نەکیشی.

*



پاشماوەی لاپەڕەی ١

## مانگرتنی پەنابەرانی ئیرانی دانیشتوی ئوردوگای رومادیە...

داوایان لی دەکات کە بگەرینەوە خاکی عیراق، کە ئەم داوایەی UN لەگەل ئیعترازی پەنابەرەکان رووبەروو دەبی، دواتر UN پیشنیاری ئەوەیان پی دەکات کە چاویان بە وەفدی ئیران لە ولاتی ئوردون بکەوی تاکو بە گیروگرفتی ئەوان بۆ گەرانەوە یان بۆ ولاتی ئیران رابگات، کە پەنابەران مل بەم داوایەش نادەن.

دەولەتی ئوردون زەمانەتی ئەوەی لە UN ویستووە کە دوای تیپەربوونی سالیک بەسەر چونیان بۆ خاکی ئوردون سەرجەمی ئەو پەنابەرانە راگویزی بۆ ولاتی سێیەم کە UN لەگەل ئەوەش موافقەتی نەکردوە و لە ئاکامدا دەولەتی ئوردون ریگای چونە ناوەوەی پەنابەرانی ئیرانی بۆ خاکەکەی نەداوە.

جیگای باسە کە پەنابەرانی ئیرانی کە ئیستا لە کەمپی "ئەل کەرامە" لەنیوان خاکی عیراق و ئوردون نیشتەجی بوون لەگەل بەرپرسی UN لە ئوردون کە کەسیکە بەنیوی "سی تێن" چاوپیکەوتنیان کردوە. ناوبراویش شەرتی چونی ئەو پەنابەرانە بە خاکی ئوردونی بە ئەوە لە قەلەم داوە کە UN دواتر ئەوان لەو ولاتە راگویزی. وا بریارە کە لەم هەفتەیەدا ولام بە پەنابەران بدرێتەوە.

ئیستا زیاتر لە ١٧ رۆژە کە ئەم پەنابەرانە مانیان گرتوە. مانگرتنی ئەم پەنابەرانە لە دژوارترین بارودۆخ دا بەریوە دەچی، ئەو ناوچەیەی کە ئەو پەنابەرانەی لێیە ناوچەیەکی گەرمە و بەردەوام تەپ و تۆز و بارانی خۆلی لی دەباری.

پەنابەران کۆمیتەیەکی ١٥ کەسییان هەلبژاردوە کە ئەو ١٥ کەسە دابەش بوون بەسەر چەند لیژنەیەک دا، لیژنەی کاروباری بیهداشتی، لیژنەی خوراک و لیژنەی کاروباری سیاسی.

UN، مانگی سوری نیودەولەتی، پزیشکانی بی‌سنور و دەولەتی ئوردون یارمەتی مالی و دەرمانی بۆ ئەو پەنابەرانە دابین دەکەن.

ژیانی پەنابەران زۆر بە دژواری تیپەر دەبی و گیروگرفتی یەکجار زۆریان هەیە.

لەو ١٠٩٠ کەسە نزیکەی ١٥٠ کەسیان پیر و بەساڵاچون و نزیکەی ٥٠٠ کەسیان منالن.

تا ئیستا چەند نەخۆشی‌یەک لەنیو ئەو پەنابەرانەدا سەریان هەلداوە کە بە گەرمتر بوونی هەرچی زیاتری هەوا و نەبوونی ئیمکانات و کەمی دەرمان ئەگەری کارەساتیکی ئینسانی چاوەروان دەکری.

خواستی سەرەکی ئەم پەنابەرانە کە لە مانگرتنەکەیاندا هیناویانەتە ئاراوە بەری کردنیانە لەلایەن UNوە بۆ ئەو ولاتانەی کە پەنابەر وەردەگرن، پیویستە ئەوەش بوتری کە زۆربەی ئەو پەنابەرانە قەبوولی ژینیڤیشیان هەیە. یەکیکی تر لە خواستەکانی ئەم پەنابەرانە پی راگەیشتن بە بارودۆخی ژیانی ئەو پەنابەرانەیە کە لە ئوردوگای رومادیە ماونەتەوە.

*

# یادیك لە گیانبەختکردوانی دۆلی بۆتی لە کوردستانی عیراق

سەعات ٦/٥ی دوانیوەرۆی رۆژی ٢٥ی گوڵانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی مقەرە ناوەندی‌یەکانی کۆمەلە هەلکەوتوو لە دۆلی بۆتی لە ٢٠ کیلومیتری باشوری شاری رانیە لە کوردستانی عیراق، کەوتنە بەر هیرشی شیمیایی فرۆکە شەرکەرەکانی عیراق.

لەم هیرشە جینایەتکارانەیەدا ٢٣ کەس لە ئەندامان و کادرەکانی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران گیانیان لەدەس دا و نیزیکەی ١٥٠ کەسیش مەسموم بوون.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە بنکەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە لە کوردستانی عیراق دەکەوتە بەر هیرشی ئاسمانی یا توپخانەی ئەرتەشی عیراق. بەر لەوەش چەند جار مقەرەکانی ناوەندی کۆمەلە لەناوچەی مەعلوومە لە کوردستانی عیراق و بنکەکانی کۆمەلە هەر لەم بۆتێیەش هیرشیان کرابووە سەر. ئەو جیگایانە سەر بە ناوچەیەك بوون کە لەژیر دەسەلاتی حکومەتی عیراق دا نەبوون و هیزەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و حیزب و ریکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکەی نەیاری رژیمی عیراق لەو ناوچەیەدا جیگیر بوون.

رژیمی عیراق بە خستنە ژیر گوشاری هیزەکانی ئیمە لەم ناوچانەدا دەیهەویست کۆمەلە ناچار بکات مقەرەکانی هیزی چەکداری خۆی لەناوچە ئازاد کراوەکان بگوازیتەوە بۆ ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی ئەرتەشی عیراق و بەم شیوەیە پەیوەندی نیوان هیزەکانی پیشمەرگەی کوردستانی ئیران وعیراق بپچرێنی.

هەلسەنگاندنی رابەری کۆمەلە لەو کاتەدا ئەوە بوو کە وەها ئال و گوریك دەبێتە مایەی زەربەدان لەسەر بەخۆ کارکردنی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە و لەباری سیاسی‌یەوە بە نەشیاوی دەزانی. بوونی ئوردوگاکانی کۆمەلە لەو ناوچانەدا بە کردەوە ئیمەی لەگەل خەلکی کوردستانی عیراق و ئەو هیزانەی کە بەدژی رژیمی دەسەلاتدار بەسەر ئەم ولاتەدا، لەشەردا بوون، هاوچارەنووسی کردبوو. ئەو زیانانەی لەم دوورەیەدا لە هیزەکانی ئیمە درا، لەراستیدا بەشیك بوون لەو ئازار و نەهامەتیانەی کە خەلکی کوردستانی عیراق، رۆژانە لەگەلیدا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد.

خەلکی شاری رانیە هەر بە بیستنی هەوالی بومبارانی شیمیایی ئوردوگای بوتی، بە هەزاران کەسیان بۆ یارمەتی گەیاندن بە پیشمەرگەکانی کۆمەلە، ئامادە بوون و بە هەر ئیمکانیك کە لە دەسرەسیان دا بوو بۆ یارمەتی گەیاندن بە کارەسات لیدەرەکانی ئەم رووداوە کەلکیان وەرگرت. هاوپشتی پراوپری خەلکی کوردستانی عیراق و خەلکی ئەم ناوچەیە لەگەل پیشمەرگەکانی کۆمەلە لەم رۆژەدا، بیرەوەری‌یەکە کە هەرگیز لەبیر ناچیتەوە.

نیوی هاوریانی گیانبەخت کردووی ئەم کارەساتە دلتەزینە بریتین لە:

١) ئیسماعیل موستەفا زادە ٢) ئەحمەد محەمەدی ٣) بایزید بەیاز ٤) پەرویز تاجوانچی ٥) حوسەین سیگاری ٦) سەعید محەمەدی ٧) جەلال پینجوینی ٨) فریشتە رەزایی (زوهرە) ٩) عەبدوللا هوشیاریان ١٠) عەلی حەسەن محەمەدی (تەهمورس) ١١) فەرەنگیس شاهویی ١٢) کەریم عەبدوللاپوور ١٣) کەریم جەنەتی ١٤) مریەم مەجنون (سەعادەت) ١٥) کەمال رەزا نژاد ١٦) کەیومەرس موهاجر (جەبار) ١٧) مەنوچهر مەحمودیان (مورتەزا) ١٨) محەمەد رەسولی خوش سەفەت ١٩) محەمەد عومەر عەلی ٢٠) نادر قازی‌زادە ٢١) ناسح مەردوخ ٢٢) وەفا توتونچی ٢٣) حامد مودەرسی

ئەمرۆ، گلکوی ئەم دەستەیە لە ژنان و پیاوانی شورشگیری ناو ریزەکانی کۆمەلە، هەر لە شوینی گیانبەخت کردنیان، بۆتە شوینیك بۆ زیندو کردنەوەی بیرەوەری‌یەکانی ئازیزانی لەدەست چوومان و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەل ئارمان و ئامانجی راستەقینەی خوشەویستەکانمان و ئەم خۆشەویستانە لە سیما هەرە ناسراو و خۆشەویستەکانی ناو ریزەکانی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بوون، کە هیچ چەشنە ماندوو بوونیکیان لە خۆیان نیشان نەداوە، بە لاریدا نەچوون و تا ئاخرین ساتەکانی ژینیان ریبواری نەسرەوتووی ریگای رزگاری چەوساوەکان بوون، لەنیو ئەو خوشەویستانەدا، هاورییانیك بەرچاو دەکەوتن کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئیرانەوە هاتبوون و لەژیر ئالای سووری کۆمەلە و شورشی چەوساواندا، خەریکی خەبات و چالاکی بوون.



هەروەها کەسانیکیش بەرچاو دەکەوتن کە یەکیك لە هەلسووراوانی کۆمونیستی کوردستانی عیراق بوون و لە دەوری ئالا سوورەکەی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران کۆببونەوە.

یاد و بیرەوەری‌یەکانی ئەم خوشەویستانە، هەتا دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد و بەرابەر، بەرز و پیرۆزە و ریگاکەیان لەلایەن شورشگیرانی ناو ریزەکانی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دریژەی دەبی و ئەو ئالایەی ئەوان تا کاتی گیانبەخت کردنیان شەکایەوە و بەشەکاوەیی دەمینێتەوە.

*

# هەواڵەکانی کوردستان و ئیران

## بانە:

بەپیی هەوالیك کە لە ناوچەی بانەوە بە دەستمان گەیشتوە ریکەوتی ٢٥ی گوڵان کچیکی ١٧ سال تەمەن بەنیوی زبیدەی عەلیزادە بە دەستی براکەی بەنیوی ئەبوبەکری عەلیزادە و زاواکەیان دەکوژری و جەنازەکەی دەخەنە چۆمی رەبەت کە دیتەوە ناو چۆمی چۆمان لە کوردستانی عیراق.

خەلکی کوردستانی عیراق جەنازەی زبیدە دەبیننەوە و شناسایی دەکەن و تەحویلی بنەمالەکەی دەدەنەوە. یەکیك لە قاتلەکانی ئەم جنایەتە یانی ئەبوبەکری عەلیزادە دەگیری و ئیستا لە زیندان دایە.

ئەوە یەکەمجار نیە کە هەوالی دلتەزینی لەم چەشنە دەبیستن و بیگومان ئاخرین جاریش نابی. زبیدە بووە قوربانی مشتیك یاسا و ریسای کۆن و دواکەوتوانە کە بالی رەشیان بەسەر کۆمەلگادا کیشاوە. کۆماری ئیسلامی تا ئیستا نە تەنیا هیچ هەنگاویکی بۆ سرینەوەی ئاسەوارەکانی ئەم فەرهەنگە دارزیوە هەلنەهیناوەتەوە، بەلکو بە کردەوە مکانیزمی پاراستن و مانەوەی ئەم فەرهەنگەی لەنیو کۆمەلگادا پیك هیناوە.

بەپیی ئەم فەرهەنگە ژن و کچ ناموسی بنەمالەن و ئەگەر ئەوان کاریکی بە پیچەوانەی خواست و سەلیقەی پیاوانی بنەمالەکەیان بکەن، ئەوە پەڵەیەکی رەشە لەسەر شانی ئەوان و بۆ پاك کردنەوەی ئەم پەڵە رەشە دەست دەبەن بۆ کردەوەی دژی ئینسانی و، جنایەت دەخولقینن.

دەبی ژنان لەو جەهەنەمەی کەنیوی فەرهەنگی ئەخلاقیاتی سەرمایەدارییان لەسەر داناوە رزگاریان بی و چیتر نەبنە قوربانی حەیا و ناموس و شەرەف. سیستمی لەسەر کار دەوری راستەوخۆی هەیە لە تەولید و باز تەولیدی ئەم فەرهەنگە و پاریزەری سەرکیەتی.

با بە وەریخستنی خەباتی عادلانە و جەماوەری لەدژی بیمافیەکانی ژنان راوەستین و دیفاع لە ماف ئینسانییان بکەین.

## سنە:

### قوربانییەکی تازەی خۆسوتاندن لە ئاوایی "نایسەر"ی سنە

بەپیی هەوالیك کە بەدەستمان گەیشتوە رۆژی سیشەممە ریکەوتی ٩ی گوڵان ژنیکی تەمەن ٤٨ سالە بەناوی سورەیا سوبحانی خەلکی ئاوایی نایسەر خۆی دەسوتینیت و بە داخەوە بەهۆی کاری بوونی برینەکەیەوە گیانی خۆی لەدەست دەدا. بەپیی ئەم هەوالە سورەیا سوبحانی چەند جار لەگەل میردەکەی کە موعتادە کیشە و ناکوکییان لی ساز دەبیت و هەر جارەش میردەکەی کوتەك کاری دەکات. سورەیا بە ئیعتراز بە موعتاد بوون و کوتەك کاری خۆی لە لایەن میردەکەیەوە کە ژیانیکی غەیر ئینسانی بۆ پیك هینابوو ئاگر لەخۆی بەر دەدات و کوتایی بە ژیانی خۆی دینیت.

سورەیا سوبحانی نە ئەوەلین و نە ئاخرین دیاردەی خۆکوشتن و خۆسوتاندن لەنیو ژنانی کوردستان و ئیرانە. لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا، کە ٢٤ سالە ئەم ولاتە بوەتە زیندانیکی گەورە بۆ هەموو دانیشتوانی، بە تایبەت ژنان، خۆ دەرباز کردن لە ژیانی مەرگە سات و کوتایی هینان بە ژیان بەشیوەی خۆسوتاندن بە داخەوە بوە بە دیاردەیەکی ئاسایی. کۆماری ئیسلامی وەك دەسەلاتیکی مەزهەبی و پیاوسالار راستەوخۆ چ بە یاسا و چ بە کردەوە بەرپرسی ئەم جەهەنمەیە کە بۆ ژنان پیکی هیناوە. ریگای کۆتایی هینان بە ژیانی ژیر دەستەیی و خۆ رزگار کردن لە هەر چەشنە ستەمیك و لەوانە ستەم و بیعەدالەتی چینایەتی و جنسی لەسەر ژنان، خەباتی لیبراوانە و هاوبەش لەدژی ستەمکار واتە نیزامی چەوسینەرانی سەرمایەداریی. خۆسوتاندنی ژنان سادەترین ریگای کۆتایی هینان بە ژان و ژیانی پر لە مەینەتی رۆژانەیە کە نە تەنیا بە قازانجی خەباتی هاوبەشی ژنان لەدژی ستەم و بیعەدالەتی لەسەر ئەوان نیە، بەلکوو ئەو خەباتە ئینسانی و رزگاریدەرانەیە کز و لاواز دەکات. هەر بویە کۆمەلە وەك ریکخراو و لایەنگری شیلگری هەموو مافە رەواکانی ژنان، هەموو ژنانی کوردستان بانگەواز دەکات کە لەدژی دیاردەی خۆسوتاندن لەناو ژناندا دەست بدەنە کاری هوشیاریدەرانە و بۆ کۆتایی هینان بەم دیاردە دزیوە کار و خەباتی هاوبەش بکەن. هەروەها لە هەموو پیاوانی ئازادیخوازیش داوا دەکەین کە لە هەر چەشنە خەباتیکی ژنان لەدژی ستەم و بیعەدالەتی و لەدژی دیاردەی دزیوی خۆسوتاندن هاوری و هاوخەباتی ژنان بن. رزگاری ژنان لە ستەم و بیعەدالەتی ئەرکی هەموو ژنان و پیاوانیکی تیکوشەر و رزگاریخوازە.

## سنە:

### ئاوایی هەشەمیز

بەپیی هەوالیك کە لە ئاوایی "هەشەمیز"ەوە بەدەستمان گەیشتوە، رۆژی ٥شەممە ریکەوتی ١١ی گوڵان بەهۆی شەر و ئیختلافی خانەوادەگی لەنیوان بنەمالەیەکی خەلکی ئەم ئاواییە کچیکی تەمەن دوو سالە بەناوی هانا شەفیعی کچی فارسی شەفیعی گیانی خۆی لە دەست دەدات.

## سنە:

رۆژی جومعە ریکەوتی ٢٦ی گوڵان لە گەرەکی تازاوای شاری سنە لە نزیك موزایك سازی لاویك بە نیوی "فەرمانی لاهوریان" کە ماوەی چەند مانگ بوو ژیانی هاوبەشی پیك هینابوو لە ساختومانی دوو تەبەقەی مالی باوکییەوە روبە شەقامی ئەردەلان خۆی فری دەداتە خواری و خۆی دەکوژی.

"فەرمان لاهوریان" ماوەیەك بوو خاوەن کارەکەی لەسەر کارەکەی دەری کردبوو و لە دۆزینەوەی کار هیوا براو ببوو نەیدەتوانی پیداویستییەکانی ژیانی خۆی و هاوسەرەکەی دابین بکات، هەر بۆیە دەستی دایە خۆکوژی.

لە کۆمەلگای دژی ئینسانی سەرمایەداریدا رۆژ نیە کە ئیمە شاهیدی دەرکردن و بیکار کردنی کریکاران نەبین کە لەژیر ناوی جۆراوجۆردا بەریوە دەچن.

دەولەت پشتیوانی لە سەرمایەداران و خاوەنکاران دەکات و بۆ پارستنی بەرژەوەندی سەرمایەداران یاسای دژی کریکاری پەسەند دەکات، کە ئاکامی ئەوەش ژیانیکی دژوار و کۆلەمەرگی بۆ کریکاران بە دواوە دەبی و هۆکاری دەست بردنی کریکارانیش هەر ئەوەیە. کریکاران دەبی پشت ئەستور بە هیزی میلیونی خۆیان بن بۆ بە گۆر ئەسپاردنی نیزامی گەندەلی سەرمایەداری و دامەزراندنی دنیایەکی ئازاد و بەرابەر.

## بیهشەهر:

### خۆپیشاندانی کریکارانی چیت سازی بیهشەهر

بەپیی ئەو هەوال و گوزارشانەی کە بلاو کراونەتەوە، کریکارانی چیت سازی بیهشەهر رۆژی ٢٠ی گوڵان لە شاری بیهشەهر دەستیان داوەتە وەریخستنی خوپیشاندان و کۆبوونەوەی ئیعترازی. بەهۆی ریپیوانی کریکاران کە خەلکیکی زۆریش پییان پەیوەست ببون، شەقامەکانی ئەو شارە بەستران.

فەرماندار بیهشەهر رایگەیاند کە کریکاران خوازیاری دەست بەجی دانی حەقدەستەکانی دواخراوی خۆیانن کە ریژەکەی دەگاتە میلیاردها تمەن، ناوبراو هەروەها وتی ئیستا ٢٠٠ میلیون تمەن لە حیسابی فەرمانداریدایە و ئامادەیە کە بدری بە کریکاران بەلام ئەم پوڵە کەمە و ولامدەرەوەی حەقدەستی کریکاران نیە.

بە قسەی فەرماندار، کریکارەکان دوای قسە و باس لەگەل بەرپرسانی دەولەت شەقامەکانیان چۆل کردوە و بەرەو کارخانە گەراونەتەوە.

شیاوی باسە کە کریکارانی چیت سازی بیهشەهر رۆژی ٢٧ی خاکەلیوە لە ئیعتراز بە نەدانی حەقدەستەکانیان دەستیان دایە وەریخستنی خۆپیشاندان و ریپیوان لە ئاستی شاردا و لەم ریپیوانەدا کە خەلکیکی زۆریش بۆ دیفاع لە خواستی کریکاران پیی پەیوەست ببون، زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس بەشدار بوون. کریکاران سوورن لەسەر ئەوەی کە تا ولام بە خواستەکانیان نەدریتەوە هەروا دریژە بە خەباتی خۆیان بدەن.

## بیهشەهر:

### کریکارانی چیت سازی بیهشەهر هەرەشەی مانگرتنی غەزایی دەکەن

لە حالیکدا کە مانگرتن و ئیعترازی کریکارانی چیت سازی بیهشەهر هەروا دریژەی هەیە، ئەو جار کریکاران هەرەشەی ئەوەیان کردوە کە دەست دەدەنە مانگرتنی غەزایی.

بەپیی ئەم هەوالە کریکاران ناهیلن هیچ کەس جا چ دەولەتی و چ غەیرە دەولەتی بچیتە نیو کارخانە.

عەلیئەکبەری کاشانیزادە، ئەم هەرەشەیەی کریکارانی تەئید کرد و وتی: دوو کریکار مانگرتنی غەزاییان دەست پیکردوە و وەسیەت نامەکەشیان نوسیوە.

ناوبراو هەروەها وتی: کریکاران راگەیاندنیکیان داوەتە دەر و وتویانە دەست دەدەنە مانگرتنی غەزایی و لەماوەی یەك حەوتووی رابردوودا ئەوە چەندمین جارە کە هەرەشە دەکەن و ئەگەری ئەوە هەیە دەست بدەنە ئەم کارەش.

فەرمانداری بیهشەهر رەخنەی لە هیندیك کردەوەی ئەم کریکارانە گرت و وتی: بەداخەوە ئەوانە موشکلی روحی و رەوانی زۆریان بۆ بەرپرسانی ئەو شارە ساز کردوە. بە داخەوە ژمارەیەك هەن کە دەیانهەوی پشیوی پیك بهینن و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان ریگای غەیرە مەنتقیان گرتوەتە بەر. ئەو کریکارانە فریوی تەبلیغاتی مەنفییان خواردوە و ئەو ریگایەیان گرتوەتە بەر و بۆتە هۆی ئەوە کە کریکاران گوی بە قسەی هیچ کەس تەنانەت بەرپرسانی شار و بنەمالەکەیشان نەدەن.

## هەمەدان:

### موعەلیمان هەرەشەی مانگرتن و ئیمتحان وەرنەگرتن لە دانش ئاموزان دەکەن!

بەدوای مانگرتنی سەراسەری موعەلیمان بەریکەوتی ١٣ی گوڵان و وەعدەی بەرپرسانی دەولەت بۆ ولام دانەوە بە خواستەکانیان، موعەلیمان رایانگەیاند کە ئەگەر دەولەت تا کۆتایی مانگی گوڵان ولام بە خواستەکانیان نەداتەوە و داواکارییەکانیان وەدی نەهینیت، موعەلیمان لە وەرگرتنی ئیمتحاناتی کۆتایی سال لە دانش ئاموزان خۆ دەپاریزن.

تا ئیستا سەرجەم هەولی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاشەکشە کردن بە موعەلیمان و خواستەکانیان بۆ وینە هەرەشە و هەولدان بۆ دوو بەرەکی نانەوە و غەیرە قانوونی راگەیاندنی کۆبوونەوە و ئیعترازاتی موعەلیمان بیئاکام ماوەتەوە. رۆژی ٥ شەممە ریکەوتی ١٨ی گوڵان فەرمانداری هەمەدان بە دەرکردنی راگەیاندنیك ئاماژەی بە ئیعترازاتی موعەلیمان کردو و هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی فەرهەنگیانی بە غەیرە موجاز لە قەلەم دا.

جیگای باسە کە موعەلیمان خوازیاری چونە سەری حەقدەستەکانیان، تەسهیلات بۆ تەئمینی مەسکەن و ماف ریکخراو و کۆبوونەوە و نەهیشتنی هەلاواردنن.

*



# هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو

ن: نازم حیکمەت          و: سەعیدی ئەمانی

**نازم حیکمەت لەسالی ١٩٦٠ بە توندترین شیوە لەلایەن پانتورکیستەکانی دەسەلاتدارەوە هیرشی دەکریتە سەر و بە تاوانی کۆمۆنیست بوون، بە تاوانی باوەر بە رسالەتی چینی کریکار وەك خائین بە وەتەن و نەتەوە دەناسیێندرێ.**

**لە رۆژنامەکانی تورکیەدا دەنووسن: "نازم حیکمەت ئیستاش خەیانەت بە وەتەن دریژە پیدەدات". ئەویش ئەم شیعرەی لە ولامی ئەواندا نووسیوە:**

## "خائین بە وەتەن"

"نازم حیکمەت ئیستاش خەیانەت بە وەتەن دریژە پیدەدات"
"نیوە موستەعمەرەی ئامریکاین" حیکمەت وتی.
"لە رۆژنامەیەکی ئانکارادا، لە سێ دیردا بە خەتیکی رەش ئەمانە نووسراون.
لە رۆژنامەیەکی ئانکارادا، لە پاڵ وینەی ئادمیرال ویلیامسن.
لە ٦٦ سانتی میتری چوار گۆشەدا، ددانی تا بنا گویی دەرخستووە و پیدەکەنی ئادمیرالی ئامریکایی.
ئامریکا ١٢٠ میلیون لیرەی پیشکەش بە بوودجەی ولاتەکەمان کرد، ١٢٠ میلیون لیرە"
"نیوە موستەعمەرەی ئامریکاین" حیکمەت وتی:
"نازم حیکمەت ئیستاش خەیانەت بە وەتەن دریژە پیدەدات"

* * *

بەلی خائین بە وەتەنم، ئیوە وەتەن پەروەرن، ئیوە وەتەن دۆستن،
من خائین بە وە تەنم، من خائین بە وەتەنم،
ئەگەر ولات مەزراکانتان،
ئەگەر ولات لەنیو گاو سندووقەکان و لەنیو دەستە چەکەکانتان دایە،
ئەگەر ولات، وەکو سەگ هەل لەرزین لەبەر سەرمایە،
لە هاوین دا گیان دان بە هۆی مالاریایە،
ئەگەر وەتەن خواردنەوەی خوینی سووری گەلە لە کارخانەکانتاندا
ئەگەر وەتەن، نینۆکی ئەربابەکانتانە،
ئەگەر وەتەن، سەپاندنی دین بە زەبری سەرنێزەیە،
ئەگەر وەتەن باتۆمی پۆلیسەکانە،
گەر قەرزەکانتان و داهاتەکانتانە وەتەن،
ئەگەر وەتەن پایەگای ئامریکایەکان و چەك و چۆلەکانیانە،
ئەگەر وەتەن دەرنەچوون لە زەلکاوە تارکەکانتانە،
من خائین بە وەتەنم.
بنووسن لەسێ دێردا وشەی گەورە و رەش
"نازم حیکمەت خەیانەت بە وەتەن ئیستاش دریژە پیدەدات"

*

## "لەشکری برسیەکان دەڕواتە پێش"

دەرواتە پیش لەشکری برسیەکان
دەرواتە پیش بۆ بەدەست هینانی نان
بۆ بەدەست هینانی گۆشت
بۆ بەدەست هینانی کتێب
بۆ بەدەست هینانی ئازادی
دەرواتە پێش و لەو پردانە دەپەریتەوە باریکترن لە موو تیژترن لە شمشیر
دەرواتە پیش لەگەل تیك شكاندنی هەموو دەرگا ئاسنینەکان
وە رووخانی دیواری گشت قەلاکان
دەرواتە پیش بە هەنگاوی شەلالی خوینەوە
دەنگی هەنگاوەکانی گرمەی هەورن
سروودەکانی ئاگرین
بەسەر ئالاکەیەوە نەخشی هیوا
هیوای هیواکان بەسەر ئالاکەیەوە
دەرواتە پیش لەشکری برسیەکان
شارەکان دەنیێتە سەرشانی
شارەکان لەگەل کوچە باریك و مالە تاریکەکان
دووکەلْ کیشی کارگاکان و
ماندوویی بێ کۆتایی دوای کارەکان.
لەشکری برسیەکان دەرواتە پیش
مانگ و مال و دێیەکانیش بە شوین خۆیدا رادەکیشی
وە کەسانیکی کە لەم سەرزەویە بەرینەدا، بەبێ زەوی مردوون.
دەرواتە پیش لەشکری برسیەکان
دەرواتە پیش تا بێبەشانی بێ بژیو بگەن بە نان
وەبێ بە شان لە ئازادیش بە ئازادی
دەرواتە پیش بە هەنگاوی شەلالی خوێن.

*

# راگەیاندنی ژمارە ١ی دەبیرخانەی کۆمەلە سەبارەت بە هەلویستی کۆنەپەرستانەی تاقمی ئینشعابی لە کۆمەڵە

هەر ئەم جورەی کە ئاگادارن ئەم روژانە بە دوای هاتنەدەری هاوری مەجیدی مارابی یەکیك لە بەرپرسانی سەرەوەی تاقمی ئینشعابی لە کۆمەڵە و هاوریێکانی لەریزی ئەو تاقمە، و بلاوبونەوەی راگەیاندنیك لەلایەن هاوری مەجیدەوە کە تییێدا سەبەب و هۆکارەکانی سیاسی و تەشکیلاتی هاتنە دەری خۆی لەریزی ئەم جەریانە خستوەتە بەرباس، سەرانی رەوتی ئینشعابی سەرلیشیواوانە دەستیان داوەتە تەبلیغاتیکی کونەپەرستانە لەدژی کۆمەڵە، کە زیاتر لە جاران ماهییەتی راستەقینەی سەرانی جەریانی ئینشعابی و سیاسەتەکانی ئەو تاقمە بۆ هەموان دەردەخا.

هاوری مەجیدی مارابی لە راگەیاندنەکەیدا بە شیوەیەکی سیاسی هۆکارەکانی سیاسی و تەشکیلاتی هاتنە دەری خوی لەریزی ئەم تاقمە و هەول و تەقەلای ئەوان بۆ بەندوبەستی ژیربە ژیر لەگەل کۆماری ئیسلامی، و شیوەکارە دژی دیموکراتیکەکانی ئەوان دەخاتە بەر باس و بەمجورە پەردە لە سەر قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتی و قەیرانی بیباوەری و بیئیعتمادی کە سەرتاپای ئەم بەناو ریکخراوەی داگرتوە هەلدەگری.

بەلام سەرانی تاقمی ئینشعابی کە هیچ پاساویکیان بۆ ئەو راستییانەی کە هاوری مەجید لە راگەیاندنەکەیدا ئاماژەی پێکردوون نیە، لە ولام دا ئیدیعای پوچ و بیبایەخ دەهیننە گورێ و هاوری مەجیدی مارابی کە تا دوینێ یەکیك لە بەرپرسانی سەرەوەی ئەوان بوو بە خۆفروش و بە هەلگرتنی ئەسنادی تەشکیلاتی تاوانبار دەکەن و بە هەرەشە و گورەشەی پووچ و زەبونانە دوژمنکاری خویان دەرحەق بە کۆمەڵە بەو پەری خوی دەگەیەنن.

ئێمە لە بەر ریزدانان لە ئاستی وشیاری و فەرهەنگی سیاسی بەرزی خەلکی کوردستان وەلامی ئەم چەشنە تەبلیغاتە نزم و بی ناوەرۆکە نادەینەوە، بەلام رادەگەیەنین کە تاقمی ئینشعابی بەم چەشنە تەبلیغات و هەلویست گرتنە نە تەنیا ناتوانن بەر بەرەوتی وشیار بونەوەی ریزەکانی خویان و هاتنەوەیان بو ناو ریزی کۆمەڵە بەربەست کەن بەلکو قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتی ناو خویان قولتر دەکەنەوە.

ئیمە دەلنیاین کە رەوتی بەجی هیشتنی ریزەکانی جەریانی ئینشعابی و هاتنەوە بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە هەر دریژەی دەبی و ئەگەر لەو نیوەدا کەسانیك تەسفیە حیساب ناکەن و بە چەك و تەقەمەنیەوە دەگەرینەوە ناو ریزەکانی کۆمەڵە، ئەوە نەك نەتیجەی سیاسەتی ئیمە سەبارەت بەو مەوزوعە بەلکو ریك ئاکامی کردەوەی دژی دیموکراتیکی رابەرانی رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵەیە. بە وتەی هەموو ئەو کەسانەی کە ریزی رەوتی ئینشعابییان بەجی هیشتوە، ئەوان بە پیچەوانەی ئیدعاکانیان تا ئیستا بارها بە هەرەشە کردن، جەریمە کردن و تومەت هەلبەستن، زەخت و فشاریان خستوەتە سەر ئەو کەسانە کە ریزەکانیان بەجی دیڵن، هەر بویە ئەو کەسانە کە ماوەیەکیشە لەگەل خویانن متمانەیان پیناکەن و بی مال ئاوایی بەجییان دیڵن.

بەلام سەرەاری هەمووی ئەوانە ئەگەر رابەرانی تاقمی ئینشعابی لە کۆمەڵە خەیالی ئاژاوەگیرییان نیە، دەتوانن هەر وەك رەوالی تا ئیستا کە کەسیان بە چەکەوە هاتوە و چەکەکانیان تەحویل وەرگرتوتەوە،بە دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەڵە لە شاری سلیمانی موراجعە بکەن و لە بەرانبەر رەسیدیك کە دەیدەن چەك و تەقەمەنی مەجیدو هاوریکانی تەحویل وەرگرنەوە. ئەوکارە لە هەرەشە و گورەشەی پووچ و زەبونانە سەنگین ترە.

**دەبیرخانەی کۆمەلە**

**٢٣ گوڵانی ١٣٨٢**

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 166 May - 2003

# راگەیاندنی ژمارە ٢ی دەبیرخانەی کۆمەڵە سەبارەت بە سیاسەت و کردەوەی شەرئەنگیزانەی رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵە

لەو رۆژانەی دوایی‌دا و لەدریژەی تەبلیغاتیکی کۆنەپەرەستانە و شەرئەنگیزانە کە رابەری تاقمی ئینشعابی لەدژی کۆمەلە وەری‌یان خستوە، چەندین کەسی ئەو تاقمە بەپیی پیلانیکی لە پیش دا داریژراو، دوانیوەروی رۆژی یەکشەممە ریکەوتی ٢٨ی مانگی گولان، هاوری ئیقبالی بەرخان پیشمەرگەی کۆمەلە، کە پیشتر بەرپرسی تەشکیلاتی شاری مەریوانی تاقمی ئینشعابی بوو و ماوەی چەند مانگیکە گەراوەتەوە ناو ریزەکانی کۆمەلە، بە زۆر دەیبەنە ناو مقەرەکانی خۆیان لە شاری سلیمانی و بەشیوەیەکی وەحشیانە لە بەرچاوی چوار کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئەم "ریکخراوەیە" دەیخەنە ژیر لیدان و کوتان و زۆر درندانە تا سنووری بی‌هوشی، ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن و دوای ئەم کارەساتە ئازادی دەکەن. هاوری ئیقبال کە ئاساری لیدان و ئەشکەنجە لەسەر تەواوی ئەندامانی لەشی دیار بوو برایە لای پزیشکی قانوونی لەشاری سلیمانی و هاوکاتیش هیزەکانی ئاسایشی ئەم شارە لە چونیەتی دەست دریژی تاقمی ئینشعابی و سیاسەتی شەرئەنگیزانەی رابەرانی ئەو تاقمە ئاگادار کران، کە ئیستا پەروەندەی بەشوین دا چوونی ئەم رووداوە لە جەریان دایە.

پیویستە بوتری کە سیاسەت و کردەوەی شەرئەنگیزانەی ئەم جارەی ئەم رەوتە لە کاتیك دا بەریوە دەچی و پیلانی بۆ دادەریژری کە هەر لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا ئەم تاقمە بەپیی بریاری رابەری رەوتی ئینشعابی دوو جار شەوانە بە R.P.G و چەکی نیوە قورس تەقەیان لە ئوردوگای کۆمەلە کردوە، کە هەر دووجار هیزەکانی ئاسایشی سلیمانی و بەرپرسانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەو شارە ئاگادار کراون و شوورای خەلکی ئاوایی زەرگویز کە لە نزیکەوە ئاگاداری کردەوەی شەرئەنگیزانەی ئەم تاقمە بوون، ئیعترازی خۆیان سەبارەت بە کردەوەی ئەوان دەربریوە.

کۆمەلە لە بەرانبەر ئاژاوەگیری و کردەوەی نامەسئولانەی ئەو تاقمە کە لەو ماوەدا بەردەوام دریژەی هەبوە دانی بەسەر جەرگی خوی‌دا گرتوە و بەو پەری هەست بە بەرپرسایەتی‌یەوە هەولی داوە تا لەریگای هیمنانە پیلانگیری ئەوان پوچەل کاتەوە. بەلام وادیارە کە رابەرانی رەوتی ئینشعابی لە سیاسەتی مەسئولانە و هیمنانەی کۆمەلە تەواو بە پیچەوانە تی‌گەیشتوون و هەر بۆیە بە پیلانگیری و هەرەشە و گورەشە کردن دریژە دەدەن تا ئەو جیگایە کە لە راگەیاندنەکانیان و هەروەها لەریگای وت و ویژی عەبدوللا موهتەدی لەگەل رادیوکەیان لەشاری یوتوبوری سوئید هەرەشەی بەرپاکردنی شەر دەکەن.

گومانیك لەوەدا نی‌یە کە مەبەستی رابەرانی رەوتی ئینشعابی لە گرتنە پیشی ئەو سیاسەت و کردەوە دوژمنکارانەیە لەدژی کۆمەلە جگە لە ژەهراوی کردنی فەزای خەباتی سیاسی لە کوردستان، کونترول کردنی قەیرانیك کە تووشی هاتوون و چاوترسین کردنی ئەو کەسانە کە دەیانهەوی ریزەکانی ئەو تاقمە بەجی بهیلن هیچ شتیکی‌تر نیە. ئەوانە لە حالیك دا قسە لە موبارزەی سیاسی دەکەن کە بە ئاشکرا دەلین تەبلیغاتی ئیفشاگەرانەی ئیمەیان بۆ تەحەمول ناکری.

واقعییەت ئەوەیە ئەمرۆ کە سێ سال لە جیابونەوەی ئەم رەوتە لە کۆمەلە تیپەر دەبی ناشەرعی بوون و نادروستی ئیدیعاکانیان بۆ هەمووان دەرکەوتوە و ئەوە راستی‌یەکی حاشا هەلنەگرە کە نەقشە و پیلانی دەست داگرتن بەسەر ناوی کۆمەلە و گورینی ئاسوی سیاسی و ستراتیژی کۆمەلە لەناو بیروړای گشتی کوردستان و لەناو بزووتنەوەی چەپی ئیران و ناوچەکە شکستی قەتعی و بی ئەولا و ئەولای هیناوە. کریکاران و کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە کردەوە کەلك وەرگرتنی رەوتی ئینشعابی لەناوی کۆمەلەیان بۆ ناساندنی رەوتیك کە هیچ پەیوەندیکی بە ئامانج، سیاسەت و سوننەتەکانی کۆمەلەوە نیە مەحکوم کردوە.

تەریك کەوتنەوەی ئەو جەریانە لەناو بیروړای گشتی خەلکی کوردستان و شکستی یەك لە دوای یەکی سیاسەتەکانیان هۆکاری ئەسلی ئەم قەیرانە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەیە کە سەرتاپای بەناو ریکخراوەکەیانی داگرتوە، بەجۆریك کە لە چەند مانگی رابردوودا رۆژ نەبووە کە کەس یا کەسانیك ئامادەگی خۆیان بۆ گەرانەوە بۆ ناو ریزەکانی کۆمەلە دەر نەبرن. بەچاو خشانیك بەسەر ئەم راستی‌یانەدایە کە ئەنگیزەی راستەقینەی رابەرانی رەوتی ئینشعابی بۆ گرتنە پیشی سیاسەتی دوژمنکارانە و شەرئەنگیزانەیان لەدژی کۆمەلە بۆ هەمووان دەردەکەوی.

ئیمە لە کۆتایی‌دا جاریکی‌تریش رادەگەیەنین کە رابەرانی رەوتی ئینشعابی لە کۆمەلە بەرپرسی راستەوخۆی ئاکامی ئەم سیاسەتە شەرئەنگیزانەیەن کە گرتویانەتە پیش.

**دەبیرخانەی کۆمەلە**

**٣٠ی گولانی ١٣٨٢**

**پیشڕەو**

ئورگانی کومیتەی ناوەندی
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
( کۆمەڵە )

گۆڤاریکی سیاسی ١٥ رۆژەیە.

**ئادرەس لە دەرەوەی ولات:**

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN

فاکس: 00460853184853

ئینترنیت
سایتی کۆمەڵە:
www.komalah.org
سایتی رادیۆ دەنگی کۆمەڵە:
www. Radiokomaleh.com
سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:
www. cpiran.org

چاپ : ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە

**دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**

شەوانە: ٢١/٣٠ — ٢٢/٣٠
جومعە بەیانیان: ٨ — ٩
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هیرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆ هیرتز
٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هیرتز

**دەنگی شۆڕشی ئیران**

بەیانی: ٧ تا ٨
نیوەڕۆ: ١٣ تا ١٤
ئیواران : ١٩/٣٠ — ٢٠/٣٠
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هیرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە٤٣٨٠ کیلۆ هیرتز
٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هیرتز

**ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات**

Communist Party of Iran:

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**
C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad
**دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات**
K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org

**ژمارە تەلەفون و فاکس:**
٠٠٤٦ – ١٨ – ٤٦ ٨٤ ٩٣

**دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەڵە لە سلیمانی**
Tel: 3124760 - 3125815

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
Tel: 0044707 - 7520 - 781
Tel: 0044707 - 7523- 966
Komalah@komalah. org